The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# دەبێ دەسەڵاتی کوردی هەڵوێست وەرگرێت

**نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز:**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکی حکومەتی کوردستان**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**
**وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان**

وەکو ئاشکرایە کێشەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق درێژەیان هەیە، لەوەتەی دادگاکە لەسەر دۆسیەی ژینۆسایدی ئەنفال، پرۆسەی دادگاییەکەی دەست پێکردووە، تا ئێستا چەندین کێشەی گرنگی وەکو کێشەی زمان، لایەنگیری، لاوازی داواکاریی بەرزکراوە هتد. هەبووە و کێشەی دیکەش درێژەیان هەیە. هەروەها دادگاکە کێشەی لاوازی، بێئەزموونی و بەڕێوەبردنی هەیە، هەوەکو ناوەندی چاک لە ڕابردوودا هێمای بۆ کردوون.
ڕۆیشتنی ڕەوتی دادگاکە و بڕیارەکانی، لە کاریگەری و دەستێوەردانی حکومەتی ئێراقی بێبەش نین، ئەوەش گومان دەخاتەسەر سەربەخۆیی و بێلایەنی داگاکە، کە دەکرێ زیان بە ئەنجامی پرۆسەی دادگاییەکانی مەڕ کارەساتەکانی گەلی کورد بگەیەنێ. هەروەها دادگاکە لەژێر کەشێکی زۆر گرژی سیاسی دایە، کە بە هیچ شێوەیەک بۆ پرۆسەکە یارمەتیدەر نییە، بەڵکو مەترسیە لەسەر تەواوی پرۆسەکە.

بەپێی هەواڵەکان دادگاکە دووبارە بڕیاری گۆڕینی دادوەری داوە، کە واپێدەچێ گوشاری پارێزەران و لایەنگرانی سەدام و تاوانبارانی دیکە ڕۆڵی تێدا هەبووە. ئەو هەنگاوە دووپاتی لاوازی و بێتوانایی دادگاکە دەکاتەوە و گومانی ناسەربەخۆیی پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەو دادگایە دادگایەکی ئێراقییە و عەرەب بەسەریدا زاڵە، ئەوەش چەمکی بێلایەنی بە تەواوی لە دادگاکەدا دادەماڵێ، چونکە ناکرێ و نەبووە، نەتەوە و دەوڵەتی ژینۆسایدکار بە کاری دادگایی کارەساتی نەتەوەی ژینۆسایدکراو هەڵبستن. کە ئەوە کراوە و تائێستا چۆتەسەر هەڵەیەکی گەورەیە و لە ڕاستیدا سوکایەتیە بە گەلی کوردی قوربانی.

دەسەڵاتی کوردی خۆی پشتگیری بوونی ئەو دادگایەی کردووە، ئێستا دوای دەرکەوتنی کێشەکان و گومان پەیداکردن لەسەر دەستپاکی و ڕەوتی دادگاکە، هەروەها لەگەڵ بوونی ئەو ڕاستیەی سەرەوەدا، لەسەریەتی وەکو نوێنەری گەلی کوردستان هەڵوێست وەربگرێت و داوای گواستنەوەی دادگاکە بۆ دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەنی دوور لە دەستی دەوڵەتی ئێراق و نەتەوەی عەرەب، بکات. دەسەڵاتی کوردی لەبەردەم بڕیارێکی چارەنوسسازدایە و پێویستە بە ئەرکی کوردستانیانەی خۆی هەڵبستێت.

**ناوەندی چاک**